## شەیدا عەبدولمەناف یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر:

# گۆڕەپان و مەیدان بکرێتە بەرنامە لە یانەکان

دیمانە: کارزان کانەبی

**تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر یەکێکە لەم تیپانەی کەچەندین یاریزانی بەتوانای کچی بەرهەم هێناوە بۆشاری هەولێر، کە خاوەن ئەنجامی بەرچاون لەپاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکانی عێراق، یەکێك لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی یانەکەش شەیدا عەبدولمەنافە لەو یاریزانە کوردانەیە کە توانیویەتی ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانەکەی بەدەستبهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری هەولێرە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



*** چۆن بوو هاتیتە ناو یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

- بەڕاستی من زۆر حەز و ئارەزووم بۆیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هەبوو، پێشموابوو کە ئەم یارییە هەڵبژێرم، چونکە ئەنجامی دەبێت، بۆیە ڕاستەوخۆ هاتمە یانەی هەولێر.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

- یاری گۆڕەپان و مەیدان ڕۆژ بەڕۆژ ئاستی لەتەواوی شارەکانی کوردستان لەبەرەو پێشچووندایە، بەبڕوای منیش لەئاییندەیەکی زۆر نزیکدا زیاتر پێشکەوتووتر دەبێت.

*** بۆچی یانەکان گرنگیەکی ئەوتۆ بە یاری گۆڕەپان و مەیدان نادەن لەچاو یارییەکانی تر؟**

- گرنگی هەیە، بەڵام گەر یاریگای گۆڕەپان و مەیدانیان نەبێت، هەندێك جار کێشەیان بۆدروست دەبێت بۆمەشقەکان، سوپاسی یانەکەشمان دەکەم کە گرنگی باشمان پێ دەدەن.

*** ئەی ئاستی ئەم یارییە لەشاری هەولێر چۆن دەبینی؟**

- شاری هەولێر هەر لەمێژە ئەو یارییەی تێدا سەرهەڵداوە، چەندین یاریزانی بەتواناش لەم شارە دروست بووە کە شوێن پەنجەیان لەم یارییە دیار بووەو خاوەنی ئەنجامی شایستە بوون لەسەر ئاستی ئاسیا و وڵاتانی عەرەب، پێشبینیشم وایە ئاستی ئەم یارییە چەند ساڵێکی تر دەگاتە لوتکەی یانەکانی عێراقی.

*** خانەوادەکەت تاچەند ڕێگریت لێ دەکەن؟**

- بەپێچەوانەوە بگرە زۆر هاوکاریشم دەکەن، بەتایبەتی باوکی شیرینم کە هەمیشە پاڵپشتمە هۆکاری سەرکەوتنیشم هەر بۆئەو دەگەڕێتەوە.

*** داواکاریت لەلایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- بتوانن گرنگی زیاترمان پێ بدەن و خولی بەردەوامان بۆبکرێتەوە بۆباشتر بوونی ئاستی یاریزانانی کورد.

*** ئەنجامەکانت چۆن بووە لەم یارییە؟**

- ئەنجامەکانم یەکجار باش بووینە بەتایبەتی لەڕاکردنی ١٠٠م و٢٠٠م، لەپاڵەوانێتی لوبنانیش توانیم پلەی دووەم و مەدالیای زیو بەدەستبهێنم.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- بکرێتە بەرنامە لەگشت یانەکان، کە تیپی گۆڕەپان و مەیدان دروست بکرێت، گرنگی تایبەتیش بەئاستی یاریزانە تەمەن بچووکەکان بدرێت.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەسوپاسەوە ئەوپەڕی هاوکاری ئێمەیان کردووە سوپاسیان دەکەم، سوپاسی ڕاهێنەرەکەشمان دەکەم.

*** لەئێستادا بەرنامەت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- ئێمە وەکو یانەی هەولێر بەردەوام لەمەشقداین بۆئەوەی لەپاڵەوانێتیەکان بتوانین ئاست و ئەنجامەمان شایستە بێت.

*** کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

- بەهۆی هاوکاری کردنی بەردەوامی یانەکەم، تاکو ئێستا نەیانهێشتوە کێشەمان هەبێت.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بتوانم لەپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنم، لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە بەئاڵای کوردستانەوە مەدالیای جیهانی بەدەستبهێنم بۆکوردستان.

*** ئەگەر یانەیەکی تر داوات لێ بکات، یاری بۆدەکەی؟**

- هیچ کات بیرم لەجێهێشتنی یانەی هەولێر نەکردۆتەوە من لەسەرەتای یاری کردنمەوە لەم یانەیە پەروەردە بوویمە.

*** چی بەو کەسانە دەڵێی کەرێگری لەڕۆڵەکانیان دەکەن و ناهێڵن وەرزش بکەن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش ڕێگە بەرۆڵەکانیان بدەن بۆئەوەی بێنە نێو دنیای وەرزش و ڕۆڵەکانیان ئازاد بکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆئێوە، بەهیوای ئەوەم بەردەوام بن لەخزمەتکردنی ئافرەتانی وەرزشوان لەتەواوی یارییەکان.







## لەیەکەم بەشداریکردنی نێودەوڵەتیدا..

# هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتی فەڵەستینی نێودەوڵەتی دەکات

ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی فەڵەستین بەسەرۆکایەتی لیوا جبریل ڕەجوب بەفەرمی داوەتنامەیەکی پێشکەش بەیەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرد بۆئەوەی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لەدووەمین پاڵەوانێتی فەڵەستینی نێودەوڵەتی بکات، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەرەو وڵاتی فەڵەستین بەرێکەوتن، شاندەکە لە٣٥ کەس پێکهاتووە لەیاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران و کارگێڕی و ڕۆژنامەنووسان.

لەم پاڵەوانێتیە ١٠ هەڵبژاردە بەشداری تێدا دەکات ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (کوردستان، فەڵەستین، ئۆزباکستان، ئەندنووسیا، ئوردن، تونس، مۆریتانیا، پاکستان، ڤێتنام، سریلانکا).

ئەم ١٠ هەڵبژاردەیە بەسەر سێ کۆمەڵە دابەش کراون، بەمشێوەیە.

**کۆمەڵەی یەکەم:** (فەڵەستین، ڤێتنام، سریلانکا، پاکستان)

**کۆمەڵەی دووەم:** (کوردستان، ئۆزباکستان، ئەندنووسیا)

**کۆمەڵەی سێیەم:** (تونس، ئوردن، مۆریتانیا)

لەکۆمەڵەی یەکەم دوو هەڵبژاردە بۆ قۆناغی چوارگۆشەی زێڕین سەردەکەوێت و لەکۆمەڵەی دووەم و سێیەم یەك هەڵبژاردە بۆ چوارگۆشەی زێڕین سەردەکەوێت، وا بڕیارە یارییەکان لەیاریگاکانی (فەیسەل حوسێنی، ماجد ئەسعەد بالبیرە، بلدیە نابلس، ئەلحسێن بن عەلی، دۆرا) ڕەنجام بدرێن، ئەم یاریگایانە دەکەونە پارێزگاکانی (جەنین، ئەریحا، بێت لەحم، ڕامە للە، نابلس).

ئەم پاڵەوانێتیە ئەمڕۆ دووشەممە بەفەرمی دەست پێدەکات بەیاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (فەڵەستین و ڤێتنام).

وا بڕیارە هەڵبژاردەی کوردستان سبەی سێشەممە یەکەم یاری خۆی بەرانبەر هەڵبژاردەی ئۆزباکستان ئەنجام بدات.

هەڵبژاردەی کوردستان خۆی بەباشی بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە کردووە کاتێك ٥ یاری دۆستانەی ئەنجامدا لەیەکەم یاری دۆستانەی خۆیدا هەڵبژاردەی کوردستان میوانداری یانەی موسڵی کرد و توانی ئەم یارییە بەئەنجامی (٤-١) گۆڵ سەرکەوتن تۆمار بکات، لەیاری دووەمدا هەڵبژاردەی کوردستان میوانداری یانەی مەسلحە-ی کرد هەڵبژاردەی کوردستان توانی لەم یارییە سەرکەوتن تۆمار بکات و بەئەنجامی (٥-سفر) گۆڵ یارییەکە بباتەوە، لەیاری سێیەمدا هەڵبژاردەی کوردستان ڕووبەڕووی یانەی هەولێر بۆوە لەم یارییە هەڵبژاردەی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و یارییەکە بەئەنجامی (٤-٢) گۆڵ سەرکەوتن تۆمار بکات و لەشاری زاخۆ هەڵبژاردەی کوردستان ڕووبەڕووی یانەی زاخۆ بۆوە لەم یارییە هەردوو تیپ بەئەنجامی (١-١) گۆڵ یەکسان بوون، لەدوایین یاری خۆیدا هەڵبژاردەی کوردستان ڕووبەڕووی یانەی تیلال یەمەنی بوۆە لەیاریگەی دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری لەشاری هەولێر.

دوای تەواوبوونی ئەم یارییە دۆستانەیانە دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان لیستی هەڵبژاردەی کوردستانیان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئاشکرا کرد.

ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی هەڵبژاردەی کوردستان لەدووەمین پاڵەوانێتی فەڵەستین-ی نێودەوڵەتی.

سێشەممە (٥/١٥) هەڵبژاردەی کوردستان – ئۆزباکستان یاریگەی حوسێن کاتژمێر ٥ی ئێوارە بەکاتی فەڵەستین.

شەممە (٥/١٩) هەڵبژاردەی کوردستان – ئەندنووسیا یاریگەی دۆرا کاتژمێر ٥ی ئێوارە بەکاتی فەڵەستین.

خشتەی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕین بەمشێوەیەیە.

دووشەممە (٤/٢١) یەکەمی کۆمەڵەی یەکەم – یەکەمی کۆمەڵەی دووەم یاریگەی حوسێن کاتژمێر ٥ی ئێوارە.

دووشەممە (٤/٢١) یەکەمی کۆمەڵەی سێیەم – دووەمی کۆمەڵەی یەکەم یاریگەی فەیسەڵ کاتژمێر (٧,٣٠) ئێوارە بەکاتی فەڵەستین.

ڕۆژی چوارشەممە (٤/٢٣) یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکە لەیاریگەی دۆرا کاتژمێر ٦ی ئێوارە بەڕێوە دەچێت.

# بلان دەرگا لەبەرامبەر یانەکانی ئەوروپا دەکاتەوە



لۆران بلان ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا ڕایگەیاند لەوانەیە لەدوای تەواوبوونی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ ئەرکی ڕاهێنانی یانەیەکی ئەوروپی وەربگرێت، بلان داوای تازەکردنەوەی بۆندەکەی کردبوو لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا ئەم داوایەی بەئەنجامەکانی کەڵەشێرەکان لەیۆرۆ بەستەوە.

بلان لەلێدوانێکیدا بۆ کەناڵی (TF١) ی فەرەنسی گوتی: لەوانەیە بۆندێك لەگەڵ یانەیەکی ئەوروپی گەورە مۆر بکەم ئەگەر بۆندەکە شایستە بێت، بەڵام ئەرکە سەرکییەکەی خۆم لەبیر ناکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ .

هەروەها بلان گوتی: من هەردەم ڕاشکاو بووم، ئارەزووم هەبوو لەئەرکی ڕاهێنانی هەڵبژاردەی فەرەنسا بەردەوام بم بەبێ ئاوڕدانەوە لەئەنجامەکانی یۆرۆی ٢٠١٢، بەڵام کاروبارەکان بەم شێوەیە نەبوون، ئەوە گرنگ نییە و نابێ کاریگەری لەسەر بارودۆخی خۆئامادەکردنی هەڵبژاردەکەمان بۆ یارییەکانی یۆرۆ هەبێت.

شایانی باسە چەندین یانەی گەورەی ئەورووپا ناوییان بەڕاهێنەر بلان بەستراوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاهێنەریان وەك یانەکانی ئینتەرمیلانی ئیتالی و چێلسی ئینگلیزی.

# ئۆزێل هاندەری بایرەن

ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی مەسعود ئۆزێل هیوای ئەوەی خواست یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی لەیانەی چێڵسی ئینگلیزی بباتەوە لەیاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە ڕۆژی شەممەی داهاتوو لەیاریگای ئەلیانز ئەرینا لەشاری میونیخ بەڕێوەدەچێت.

ئۆزێل کە لەگەڵ



بایـ

# ستراماچۆنی لەئەرکی ڕاهێنانی ئینتەر بەردەوام دەبێت



ماسیمۆ مۆراتی سەرۆکی یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی متمانەی بەراهێنەری یانە ئەندریا ستراماچۆنی دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند لەوەرزی داهاتوو لەئەرکەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، مۆراتی لەدوای سەرکەوتنی یانەکەی بەسەر یانەی ئەی سی میلان لەدێربی میلان بەئەنجامی (٤-٢) گۆڵ لەلێدوانێکیدا بۆ کەناڵی سکاس سپۆرتی ئیتالی گوتی: ستراماچۆنی لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە، لێهاتوویی و ئەزموونی خۆی لەیاری دێربی سەلماند ئەوەش زۆر خۆشحاڵی کردم.

وادیارە مۆراتی بەئاستی تیپەکەی لەگەڵ ڕاهێنەری لاو ستراماچۆنی تەمەن ٣٦ ساڵ ڕازییە بەتایبەتی دوای ئەوەی یانەی ئینتەرمیلان لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە پێنج بردنەوە و دوو بەرامبەربوون و یەك دۆڕاندنی هەیە، هەروها یانەی ئینتەرمیلان بەهیوای ئەوەیە چەند بۆندێك لەگەڵ چەند یاریزانێکی ئەستێرە مۆربکات لەوەرزی هاویندا بۆ بەهێزکردنی تیپەکە بۆ وەرزی داهاتوو.

سەبارەت بەیانەی یۆڤانتس و بەدەستهێنانی نازناوەکە بەدیارییەکی بەنرخی یانەی ئینتەر، مۆراتی گوتی: پیرۆزبایی لەیانەی یۆڤی دەکەم، چونکە شایستەی نازناوەکە بوون، هیوادارم هیچ کێشەیەك لەنێوانمان نەمێنێت.

# ـــــه لەچامپیۆنز لیگ



یانــەی ڕیــال ئاهەنگی گێــڕا بەبۆنەی بەدەســتهێنانی نازناوی لیگای ٣٢ هیوای ئەوەی خواســت یانــە گەورەکەی هەرێمی باڤاریا جامی چامپیۆنز لیگ بەرز بکاتەوە و لەلێدوانێکیــدا گوتی: لەیــاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانــەکان من هاندەری بایرەن میونیخم. هەروەها ئۆزێل وتی: ســەرەڕای ئەوەی بردنــەوەی نازناوی لیگا تا ڕادەیەك شکستەکەی دەرچوونمان لەخولی یانەکانی ئەورووپــا لەبیــر بــردەوە، بــەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی یاری کۆتایی چامپیۆنز لیگ زامەکان دووبارە دەبنەوە کــە نەمانتوانی لایەنێکی یــاری کۆتایی بین، بەڵێن دەدەین لەوەرزی داهاتوو بەهەموو تواناکان هەوڵ دەدەین کە نازناوەکە بەدەست بهێنین.

شــایانی باســە دوا نازناوی یانەی ڕیــال مەدریــد لەخولــی یانــە پاڵەوانەکانــی ئەورووپا لەســاڵی ٢٠٠٢ بــوو کاتێــك لەیــاری کۆتایــی بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ لەیانەی بایەرلیڤەرکوزنی ئەڵمانی بردەوە.

# ـــــرەن میونیخ داوای نوری شاهین دەکات

ڕادیۆی کادینا ســێر کە جێگای متمانەیە لەوڵاتی ئیســپانیا ڕایگەیانــد یانەی ڕیال مەدرید بۆندێکی فەرمی لەلایەن یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی پێگەیشــتووە بەئامانجی کڕینەوەی یاریزانی تورکی نوری شــاهین، بەپێــی هەواڵی ڕادیۆکــە داواکەی یانەی بایــرەن میونیخ لەڕێگای ســەرۆکی یانەوە کارل هاینز ڕۆمەنیگەوە هاتووە، بەڵام ئەوەی ئاشکرا نەکردووە کە یانەکەی هەرێمی باڤاریا چ بڕە پارەیەکی تەرخانکردووە بۆ ڕاکێشانی شاهین بۆ یاریگای ئەلیانز ئەرینا.

یاریــزان نــوری شــاهین نەیتوانی خۆی لەپێکهاتەی ســەرەکی یانەی ڕیال مەدرید بسەلمێنێت بەهۆی پێکانی بەردەوام و ئاست بەرزی هەردوو یاریزان سامی خزێرە و ژاڤی ئەلۆنــزۆ، هەر ئەوەش بــووە هۆی ئەوەی لەیەکەم وەرزیدا لەیانەی شــاهانە لەڕیزی یاریزانە یەدەگەکان بێت، ڕادیۆکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە یانەی ڕیــال مەدرید نرخی نوری شــاهین بەبــڕی ١٨ ملیۆن یۆرۆ خەملاندووە.



# گواردیۆلا: میسی وایلێکردم ڕاهێنەرێکی باشتر بم

راهێنەری یانەی بەرشــلۆنە پیپ گواردیۆلا کە لەکۆتایی ئەم وەرزە لەپۆســتەکەی دوور دەکەوێتەوە جارێکی دیکە ستایشــی ئاســتی ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیونێل میســی کرد و ڕایگەیاند کەبوونی میســی لەیانەی بەرشــلۆنە وایلێکرد ڕاهێنەرێکی باشتر بێت.

گواردیۆلا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: هەوڵم دا بەپێی توانا یارمەتی میســی بدەم کە ئاستی بەرەو پێش بچێت، ئەوەشم دەزانی کە ئەم ئەرکە زەحمەتە، بوونی یاریزانێکی وەك میسی لەتیپەکەت پێویستی بەتوانای مەشقی تایبەتی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەستێرەیەك لەتوانای لێو ئەوەش وایلێکردم کە تواناکانی مەشــقی خۆم پەرەپێبدەم، بێگومان لیۆ میســی وایلێکردم ڕاهێنەرێکی باشتر بم.

لەلایەن خۆیەوە لیۆنێل میســی نامەیەکی سوپاسگوزاری ئاراستەی ڕاهێنەر گواردیۆلا کرد و گوتی: من سوپاســی پیپ دەکەم کە هەردەم پشــتگیری لێکردووم و توانای منی بەرەو پێش بردووە، سوپاسی دەکەم بۆ هەموو کارەکانی و هەرگیز لەبیری ناکەم.

یاریزانی ئەرژەنتینی خاڤێر ماسکیرانۆ لەلێدوانێکیدا ستایشی ئاستی یانەی بەرشلۆنەی کرد لەســەردەمی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەر و لیۆنێل میســی یاریزان گوتی: لەدوای ٢٠ یان ٣٠ ســاڵی دیکە کەسانێك دێن باس لەکارە بێ هاوتاکانی گواردیۆلا و میسی دەکەن لەیانەی بەرشلۆنە.



# کچانی نەورۆز پاڵەوانی قۆناغی دووەمی پاسکیل سواری بوون ئەمڕۆش قۆناغی سێیەم ئەنجام دەدرێت



بەسەرپەرشـــتی یەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری عێراقی، لەشاری دیوانیە بە بەشـــداری زیاتر لە٤٠ یانەی شارەکانی عێراقی قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی پاسکیل ســـواری یانەکانی عێراقی بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند یاریزانانی بەشداربووی یانەکان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، بڕیاریشـــە ئەمڕۆ دووشەمە قۆناغی سێیەمی یارییەکان لەشاری دهۆك بەڕێوەبچێت. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان

١-یانەی نەورۆز ٢-یانەی برایەتی

ئاستی پێشکەوتووان-کوڕان

١-یانەی سناعە ٢-یانەی هەولێر

ئاستی لاوان

١-یانەی برایەتی

ئاستی تازەپێگەیشتووان

١-یانەی هەولێر

## دهۆک پاڵەوانی بۆکسێنی کوردستان بوو



لەشـــاری دهۆك لەهۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـــی، بەسەرپەرشـــتی یەکێتی ناوەندی بۆکسێنی کوردستان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە، پاڵەوانێتی بۆکســـێنی یانەکانی کوردســـتان لەئاســـتی لاوان بە بەشداری یانەکانـــی هەریەك لەشـــارەکانی هەولێر و دهۆك و ســـلێمانی و کەرکوك بەشـــداریان تێدا کردبوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەشکرد و ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی دهۆك ١٤خاڵ

٢-یانەی لەیلان ١٢خاڵ

٣-یانەی قەڵا٨خاڵ

## زاخۆ پارێزگاری لە جامی کوردستان دەکات



# سۆلاڤ پاڵەوانی جیمناستیک بوو

لەشاری دهۆك بەسەرپەرشتی یەكێتی ناوەندی جیمناستیكی كوردستان و بەهاوكاری لقی دهۆكی یەكێتیەكە، لەهۆڵی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی دهۆك پاڵەوانێتی جیمناستیكی یانەكانی كوردستان بۆئاستی تەمەن ١٠ساڵ تاكو ١٣ساڵ ئەنجامدرا كەماوەی دوو ڕۆژی خایاند، لەپاڵەوانێتیەكەشدا كە هەریەك لەیانەكانی (سەورە، سۆلاڤ، گارە، زێرەڤانی، ئاڵتون كۆپری، سەرچنار، پێشكەوتن، سیمێل، بازیان، ئارارات) بەشداریان كردبوو، یاریزانانی بەشداربوو ئاستێكی بەرزیان پێشكەش كردو ئەنجامی كۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو.

١-یانەی سۆلاڤ ١١٦،٥خاڵ

٢-یانەی ئارارات ١٤٤،٧خاڵ

٣- یانەی سەورە ١١٢،٥خاڵ

لەئاستی تاكیش یاریزان عەلا حوسێن لەیانەی سۆلاڤ پلەی یەكەمی بەدەست هێنا.



بەسەرپەرشتی یەكێتی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان لەسەر یاریگای بارزان لەشاری زاخۆ، یاری كۆتایی جامی یانەكانی كوردستان لەنێوان هەردوو یانەی زاخۆ و دهۆك بەڕێوەچوو، لەم یاریەشدا ژمارەیەكی یەكجار زۆری وەرزش دۆست و هاندەرانی هەردوو یانە ئامادەی یارییەكە بوون، لەم یاریەشدا یاریزانانی هەردوو یانە ئاستێكی بەرزیان لەیارییەكە پێشكەشی ئامادەبووان كرد، لەم ناوەشدا یانەی زاخۆ توانی باڵا دەستی خۆی لەیارییەكە بسەلمێنێت و یارییەكە بەئەنجامی (٢-٠)گۆڵ بباتەوە، گۆڵەكانی زاخۆ لەڕێگای هەریەك لەیاریزانان (بارزان شێرزاد و هەردی نورەدین)لەخولەكەكانی ٢و٦٧تۆمار كرا، لەیارییەكەشدا هاندەرانی یانەی زاخۆ بەدرێژایی یارییەكە هانی تیپەكەیانداو بوونە هۆكارێك بۆسەركەوتن لەم یارییە و یانەی زاخۆ بۆ دووەم وەرز لەسەر یەك نازناوی جامی كوردستانی بەدەستهێنا، لەكۆتاییشدا لایەن بەرپرسانی ئامادەبوو خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و یانە سەركەوتووەكان دابەشكرا.





# تیپی چیا لەسلێمانی بوو بە پاڵەوانی تیپە میللیەکانی کوردستان بۆ فوتسال

كۆمپانیای كیا مۆتۆرز بەمەبەستی خزمەتكردنی بواری لاوان لەكوردستان پاڵەوانێتیەكی بۆ تیپە میللیەكانی شارەكانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی سازدا كە تیایدا ئەم پاڵەوانێتیە لەسەرەتا هەر پارێزگا پاڵەوانی شارەكەی دیاریكرا دواتر لەشاری هەولێر پاڵەوانی هەریەكە لەشارەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ڕووبەرووی یەكتر بوونەوە بۆ دەستنیشان كردنی پاڵەوانی پاڵەوانێتیەكە.

لەشاری سلێمانی تیپی میللی چیا توانی باڵەدەستی خۆی نیشان بدات و ببێتە پاڵەوانی پارێزگای سلێمانی و لەشاری دهۆك تیپی سەفین توانی نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە لەم پارێزگایە بەدەستبهێنێت و لەشاری هەولێر تیپی میللی ١٦ی ئاب توانی ببێتە پاڵەوانی پارێزگای هەولێر.

هەفتەی ڕابردوو لەشاری هەولێر پاڵەوانێتی كوردستان بەڕێوەچوو،كە تیایدا تیپی چیا لەپارێزگای سلێمانی توانی ببێتە پاڵەوانی كوردستان لەسەر ئاستی تیپە میللیەكان دوای ئەوەی توانی لەدوو یاری سەركەوتن تۆمار بكات بەئەنجامی (٤-سفر) لەتیپی میللی سەفین-ی بردەوە و بەئەنجامی (٣-سفر) گۆڵ لەتیپی ١٦ی ئاب-ی بردەوە دوای تەواوبوونی پاڵەوانێتیەكە مەراسیمی دابەشكردنی خەڵاتەكان لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، كە تیایدا نوێنەرانی كۆمپانیای كیا مۆتۆرز خەڵاتی پلەی یەكەمی بەسەر تیپە سەركەوتووەكان دابەش كرد و تیپی سەفین لەپارێزگای دهۆك خەڵاتی تیپی نموونەیی وەرگرت.

هەر لەم مەراسیمەدا كۆمپانیای كیا مۆتۆرز تەئكیدی لەوە كردووە، كە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانێتیە وەكو پاداشتێك گەشتێك بۆ هەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆكرانیا دەكەن بەمەبەستی ئامادەبوون لەیارییەكانی پێش كۆتایی و كۆتایی جامی نەتەوەكانی ئەوروپا ٢٠١٢، ئەمەش بووە جێگەی خۆشحاڵی تیپی میللی چیا.

جێگەی باسە لەم پاڵەوانێتیە باشترین ٥٢ تیپی میللی لەپارێزگاكانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەشدارییان كرد دوای ڕكابەرییەكی بەهێز لەنێوانیاندا تیپی چیا بەشایستەیی بووە پاڵەوانی خولەكە.

**فۆتۆ ئەرسەلان عەبدوڵلا**